# پارت و چینی کارگەر

ئانتۆن پانەکۆک
و. لە فارسیەوە: هەژێن
hezhean@spymac.com

کاراییە سەرەتاییەکانی بزوتنەوەی نوێی کارگەری لە دەرکەوتندان. بزوتنەوە کۆنەکە لە پارتەکاندا ڕێکخراوە. باوەڕ بە پارت هۆی سەرەکی نەزۆکی چینی کارگەرە؛ لەم ڕووەوە ئێمە خۆمان لە پێکهێنانی پارت نوێ لادەدەین – نەک لەبەر ئەوەی کە ژمارەمان کەمە، بەڵکو بەهۆی ئەوەی کە پارت ڕێکخستنێکە کە ڕابەری و کۆنترۆڵکردنی چینی کارگەر ئامانجییەتی.

لەبەرامبەر ئەمەدا، ئێمە بڕوامان وایە کە چینی کارگەر تەنیا ئەو کاتەی کە بە شێوەیەکی سەربەخۆ ڕوو لە گرفتەکانی بنێ و چارەنوسی خۆی دیاری بکات، دەتوانێت سەرکەوتن بەدەست بێنێت. نابێت کارگەران بێ چەندوچون بچنە ژێرباری دروشمی کەسانیتر لەوانەش هی گروپەکانی ئێمە، بەڵکو دەبێت بەخۆیان بیر بکەنەوە و هەنگاو بهاوێن و بۆخۆیان بڕیار بدەن. ئەم دەرکە لەگەڵ سونەتی پارت وەک گرنگترین ئامرازی پەروەردەیی چینی کارگەر بە ئاشکرا ناکۆکە. لەم ڕووەوە، فرەکەس سەرەڕای ڕەتکردنەوەی پارتە سۆشیالیست و کۆمونیستەکان لەگەڵ ئێمە دژن و بەرهەڵستی دەکەن. ئەمە بەڕادەیەک لە دەرکە سونەتییەکانیانەوە سەرچاوەی گرتووە. پاش ڕوانین بۆ خەباتی چینایەتی وەک خەباتی پارتەکان، سەرنجدان لە خەباتی چینایەتی وەک وەک خەباتی بێگەردی چینی کارگەر دژوار دەبێت. بەڵام بەڕادەیەک، ئەم دەرکە لەسەر بنەمای ئەم بۆچوونە وەستاوە کە پارت لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆڵی سەرەکی و گرنگ لە خەباتی پرۆلیتاریادا دەگێڕێ. با ئەم بۆچوونەی دوایی لە نزیکەوە بدەینە بەر لێکۆڵینەوە.

پارت، لەبنەڕەتدا گروپبەندییەکە لەسەر بنەمای تێڕوانین و دەرکەکان؛ چینەکان گروپبەندی گەلێکین لەسەر بنەمای بەرژەوەندی ئابوری. ئەندامەتی لە چیندا لەڕێگەی ڕۆڵی تاک لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا دیاری دەکرێ؛ ئەندامەتی پارتی، پەیوەستبوونی تاک گەلێکە کە لە دەرکیاندا بۆ پرسە کۆمەڵایەتیەکان لەگەڵ یەکدا هاوڕان. پێشتر وای بۆ دەچوون کە ئەم ناکۆکییە لە پارتی چیندا، "پارتی کارگەران" لەنێو دەچێ. لەماوەی هەڵکشانی سۆشیالدیموکراسیدا، وا دەهاتە بەرچاو کە ئەم پارتە بەرە بەرە تەواوی چینی کارگەر، بەشێک وەک ئەندام و بەشێک وەک پشتیوانیکەر، دەگرێتە خۆی. ئەوەی کە تیۆری مارکسی وای دەخستەڕوو کە بەرژەوەندی چون یەک، ڕوانگە و ئامانجی وەک یەک بەرهەمدێنێ. وا چاوەڕوان دەکرا کە ناکۆکی نێوان پارت و چین بەرەبەرە لەنێو بچێ. مێژوو پێچەوانەی ئەمەی سەلماند. سۆشیالدیموکراسی وەک کەمایەتییەک مایەوە. گروپگەلی تری چینی کارگەر دژی وی ڕێکخران، بەشگەلێک لێی جیابوونەوە، کاراکتەری خۆدی پارتیش گۆڕا. چاوی بە بەرنامەی خۆیدا گێڕایەوە یا لێکدانەوەی نوێی لەسەر کرا. گەشەی کۆمەڵگە نەک لەسەر هێڵێکی ڕاست، بەڵکو لەناکۆکی و دژبەیەکبوندا بەردەوام بوو.

هاوکات، لە کاتێکدا کە خەباتی چینی کارگەر لە ئاسۆییدا پەرەدەسێنێ، هێزی دوژمنیش لەباری زۆربووندایە. بێ متمانەیی بەرامبەر ڕێڕەوێک کە دەبێت بگیرێتەبەر، بەردەوام و چەندجارە خەباتگێران توشی دوودڵی دەکات. هەر دوودڵییەکیش، جیابوونەوە، ناکۆکی و شەڕی فراکسیۆنەکان لە بزوتنەوەی کارگەریدا دروستدەکات. خەمخۆری لە پەیوەند بە ناکۆکییەکان و جیابوونەوەکان وەک هۆکاری زیانبەخش لە دابەشبوون و لاوازبوونی چینی کارگەر، بێسودە. چینی کارگەر لەبەر ئەوە لاواز نییە کە پرشوبڵاوە، پرشوبڵاوە لەبەر ئەوەی کە لاوازە. ئەوەی کە دوژمن بەهێزە و شێوازە کۆنەکانی شەڕ کەڵکیان نەماوە، دەبێت چینی کارگەر لەدوی شێوازی

تازە بگەڕێ. ئەرکەکانی لە ئەنجامی هوشیارکردنەوە لەسەرەوەڕا ڕوون نابنەوە، بەڵکو دەبێت لە ڕێگەی کاری دژوار، لەڕێگەی بیرکردنەوە و ناکۆکی بیروڕاوە پەیان پێببرێت. دەبێت بەخۆی ڕێگەی خۆی بدۆزێتەوە، بە دیاریکراوی ئەم ڕێگە دۆزینەوە بەڵگەی جیاوازی و ناکۆکییە ناوخۆییەکانە. ناچارە دەست لە بۆچوونە کۆنەکان و خۆشباوەڕییەکان هەڵگرێ و بۆچوونی نوێ هەڵبژێرێ، لەڕاستیشدا دژواری ئەم کارەیە کە جیابوونەوەی گەورە دروست دەکات.

بەمجۆرە، ئێمە ناتوانین بە باوەڕهێنان بەوەی کە ئەم دەورەی ململانێی پارتی و شەڕی ئایدیۆلۆژی تەنیا دەورەیەکی کاتی دەبێ و ڕێگە ئاوەلاکەری هاوئاهەنگی تازە دەبێ، خۆمان فریو بدەین. ڕاستە، لە ڕەوتی خەباتی چینایەتیدا، سەردەمانێک هەن کە گشت هێزەکان لە چواردەوری ئامانجێکی بەرزی سەرکەوتوو لە دەوری یەک کۆدەبنەوە و شۆڕش بە هێزی یەکگرتووی چینی کارگەر دەچێتە پێشەوە. بەڵام پاش ئەوە، بەو جۆرە کە پاش هەر سەرکەوتنێک، جیاوازییەکان لە پەیوەند بە پرسیاری "پاشان چی ؟ " دەردەکەون، تەنانەت ئەگەر چینی کارگەر سەرکەوتووش بێت، هەردەم لەگەڵ پڕ گرفترین ئەرک واتە فرەتر ملکەچ کردنی دوژمن، تازەکردنەوەی ڕێکخستنی بەرهەمهێنان و پێکهێنانی نەزمی نوێ ڕووبەڕووە. لە تواناداد نییە کە تەواوی کارگەران، تەواوی توێژ و گروپەکان، کە هێشتاکە بە بەرژەوەندی جۆراوجۆرەوە لەم سەردەمەدا، لە سەر گشت بابەتەکان هاوڕا بن و بۆ هەنگاوی یەکگرتووانە، خێرا و یەکلاکەرەوە ئامادە بن. ئەوان ڕێگەی دروست تەنیا پاش مشتومڕی توند و ناکۆکییەکان بە دەست دێنن و بەم هۆیەوە هزر ڕۆشنی بەدەست دێنن.

گەر لە سەردەمێکی وادا، کەسانێک بە دەرکگەلێکی بنەڕەتی هاوبەشەوە، بۆ لێدوان لەمەڕ هەنگاوی کردە یەکیانگرتووە و لە ڕیگەی لێکدانەوەوە بەدوای ڕۆشنگەریدا بگەڕێن و ئەنجامەکانی خۆیان ڕاگەیێنن، وەها گروپگەلێک بۆی هەیە بە پارت ناو ببرێن، بەڵام ئەوانە پارت گەلێک دەبن بە تێگەیشتنێکی تەواو جیاواز لەوەی ئەوڕۆ. کار و خەباتی واقیعی، ئەرکی خودی جەماوەری کارگەرە بە تێکڕا و لە گروپبەندییە سروشتییەکانیاندا لەوانە کارخانە و کارگە یا گروپی سروشتی تری بەرهەمهێنان، لەبەر ئەوەی کە مێژوو و ئابوری ئەوانی لە شوێنێکدا داناوە کە دەبێت ئەوان، تەنیا ئەوان بەخۆیان دەتوانن خەباتی چینایەتی کارگەری بە ئەنجام بگەیێنن. شێتییە ئەگەر لایەنگرانی پارتێک دەست بە مانگرتن بکەن لە کاتێکدا لایەنگرانی پارتێکیتر درێژە بە کارکردن بدەن. بەڵام هەردوو ڕەوتەکە لە کۆبوونەوەکانی کارخانەدا بەرگری لە هەڵوێستی خۆیان لەمەڕ مانگرتن یا نا بۆ مانگرتن دەکەن، بەم شێوەیە هەلێک بۆ بەدەستهێنانی بڕیارێک لەسەر بناخەیەکی پتەو لەدەست دەدرێت. خەبات ئاوا بەرزە و دوژمنیش وا بەهێزە کە جەماوەر تەنیا وەک یەک گشت دەتوانێت سەرکەوتن بەدەست بێنێت —کە بە خۆی ئەنجامی هێزی مادی و مەعنەوی خەبات، یەکێتی و تامەزرۆیی، هەروەها ئەنجامی هێزی هزری و ڕۆشنی هزرییە. لێرەدایە گرنگی پارتەکان یا گروپگەلێکی پشت بەستوو بەو باوەڕانەی کە لەگەڵ ناکۆکییەکان، قسە و باسەکان و پاگەندەی خۆیان ڕۆشنگەری دەهێنن. ئەوانە ئۆرگانی ڕۆشنگەری چینی کارگەرن. کارگەران بە وەها ئامرازێک ڕێگەی خۆی بەرەو ئازادی دەددۆزێتەوە.

بەپێی سروشت وەها پارتگەلێک وەستاو نەگۆڕ نابن. لە هەر بارێکی تازە و لەهەر گرفتێکی تازەدا، مێشکی کراوە و یەکگرتووکەر لە گروپی تازە و بەرنامەگەلی تازەدا بەدەست دێنن. دارای کارەکتەری نوێسازن و بە شێوەیەکی بەردەوام خۆیان لەگەڵ باری تازەدا دەگونجێنن.

لە پێوانە بە وەها گروپگەلێک، پارتە کارگەرییەکانی هەنووکە کارەکتەری تەواو جیاوازیان هەیە، چونکە ئامانجی تریان هەیە؛ ویستی بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات بۆ خۆیان. ئەوان یارمەتیدەر نابن بۆ چینی کارگەر لە خەباتیدا بەرەو ڕزگاری، بەڵکو ئامانجیان حکومەتی خۆیانە بەسەر کارگەرانداو ڕاگەیاندنی وەها پێکهاتەیەک وەک ڕزگاری پرۆلیتاریا. سۆشیالدیموکراسی

کە لە دەورەی پارلەمانتاریستیدا هەڵکشا وەها حکومەتێک وەک حکومەتی پارلەمانی دەبینێ. پارتی کۆمونیست بیرۆکەی حکومەتی پارتی تا ئەوپەڕی ڕادەیەکی توندڕەوی لە دیکتاتۆریەتی پارتدا درێژە پێدەدا.

بە پێچەوانەی ئەو گروپانەی لەسەرەوە باسکران، ئەم پارتانە بە بوونی پێکهاتەیەکی دژوار بەرتەسک بوونەتەوە. ئەو پێکهاتانەی کە پەیوەندیان بەهۆی ئامرازەکانی پەیڕەو و پرۆگرام، پەیڕەوی ناوخۆ و شێوازەکانی وەرگرتن و دەرکردن دابین دەکەن. چونکە ئەوانە ئامرازی دەسەڵات و خەبات بۆ دەسەڵات دەکەن، ئەندامەکانیان بە زۆر کۆنترۆل دەکەن و بەردەوام هەوڵدەدەن تاوەکو قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی خۆیان فراوان بکەن. ئەرکی سەرشانیان گەشەپێدان بە داهێنانی کارگەران نییە؛ بەڵکو ئامانج، پەروەردەی ئەندامە بەوەفا و گوێڕایەڵەکانیانە بەرامبەر بیروباوەڕەکەیان. لە کاتێکدا کە چینی کارگەر لە خەباتیدا بۆ دسەڵات و سەرکەوتن پێویستی بە ئازادی لە ڕادەبەدەری هزری هەیە، پایەی دەسەڵاتی پارتی، سەرکوتی هەرجۆرە باوەڕێکە کە پشتگیری هێڵی پارت نەکات. لە پارتە "دیموکراتەکان"دا سەرکوت پەردەپۆشکراوە، لە پارتە دیکتاتۆرییەکاندا، سەرکوت ئاشکراو دڕندانەیە.

زۆرێک لە کارگەران بە ڕەخنە دیارییان کردووە کە حکومەتی پارتی سۆشیالیست یا کۆمونیست بێجگە لە شێوەی شاردراوەی حکومەتی چینی بۆرژوازی شتێکی کە نییە کە تێیدا سەرکوت و بەهرەکێشی چینی کارگەر هەر وەک خۆی دەمێنێتەوە. لەبری ئەم پارتانە، ئەوان لەسەر ئەوە سورن کە "پارتێکی شۆڕشگێڕ" پێکبهێنن کە واقیعەن ئامانجی حکومەتی کارگەران و بەدیهێنانی کۆمونیزم بێت. نەک پارتێک بە پێناسەیەکی تازە کە لەسەرەوە باسکرا، بەڵکو پارتێک لە جۆری هەنوکەیی، کە وەک پێشڕەوی چین بۆ دەسەڵات خەبات دەکات، وەک ڕێکخستنی هوشیار، کەمایەتییەکی شۆڕشگێڕ کە بەمەبستی سود وەرگرتن بۆ ڕزگاری چینەکە دەسەڵات بەدەستەوە دەگرێت.

ئێمە پێمانوایە کە لە واژەی " پارتی شۆڕشگێڕ"دا ناکۆکی دەرونی هەیە. وەها پارتێک ناتوانێت شۆڕشگێڕ بێت. لە داهێنەرانی ڕایشی سێیەم شۆڕشگێڕتر نییە. کاتێک کە باس لە شۆڕش دەکەین، خۆبەخۆ باس لە شۆڕشی پرۆلیتێری دەکەین، لە بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات بەدەستی خودی چینی کارگەر.

" پارت شۆڕشگێڕ" بەم بۆچوونە پشت ئەستورە کە چینی کارگەر پێویستی بە گروپێک لە ڕابەران هەیە کە بۆ کارگەران بەسەر بۆرژوازیدا سەرکەون و حکومەتێکی تازە دروست بکەن – سەرنج بدەن کە هێشتاکە وا دانانرێ کە چینی کارگەر ئامادەی سەرەنوێ ڕێکخستنەوە و ڕێکخستنی بەرهەمهێنانە. بەڵام ئایا ئەمە ئەوە نییە کە دەبێ ببێ؟ ئەوەی کە نایێتە بەرچاو هێشتا چینی کارگەر توانای شۆڕشی هەبێ، ئایا پێویست نییە کە پێشڕوی شۆڕشگێڕ، پارت، شۆڕشی بۆ بکات ؟ ئایا تا کاتێک کە جەماوەر بە خواستی خۆیان دەچنە ژێر باری سەرمایەداری، ئەمە ڕاست نییە؟

لە دژی ئەمە، دەپرسین: وەها پارتێک بۆ شۆڕش دەتوانێت چ هێزگەلێک بخاتەگەڕ. چۆن دەتوانێت کە چینی سەرمایەدار تێکبشکێنێت؟ تەنیا ئەگەر جەماوەر پشتیوانی بێت. تەنیا ئەگەر جەماوەر لە ڕێگەی هێرشی جەماوەری، خەباتی جەماوەری، مانگرتنی جەماوەرییەوە ڕاپەڕن و ڕژێمی کۆنە لەنێوبەرن. بەبێ کارکردی جەماوەر هیچ شۆڕشێک ناتوانێت بوونی هەبێت.

دوو شت دەکرێ بێنە پێش. یا جەماوەر درێژە بەکاری خۆی دەدات، ناڕۆنە ماڵەوە و حکومەت بە پارتی تازە ناسپێرن. ئەوان دەسەڵاتی خۆیان لە کارخانە و کارگە ڕێکدەخەن، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەکانی پاشتر، بۆ تێکشکانی یەکجارەکی سەرمایە ئامادە دەبن؛ لە ڕێگەی سۆڤیەتە کارگەرییەکانەوە یەکێتییەکی پتەو بۆ بەدەستەوەگرتنی تەواوی بەڕێوەبەرایەتی گشت

کۆمەڵگە پێکدێن – بە واتایەکی تر دەیسەلمێنن کە بەوجۆرەش کە دێتە بەرچاو بۆ شۆڕش بێتوانا نین. لەو بارەدا، بەپێی پێداویستی، ناکۆکییەکان لەگەل پارتێک کە دەیەوێت دەسەڵات بەدەستەوە بگرێت و لە خۆیدا کارکردی چینی کارگەر بە ناڕیکی و بێسەرەوبەرەیی دەبینیّ، سەرهەڵدەدەن. بۆی هەیە کارگەران بزوتنەوەی خۆیان گەشە پێبدەن و پارت ڕامالن. یا پارت بە هاوکاری داروودەستەی بۆرژوازی کارگەران تێکدەشکێنن. لە هەر بارێکدا، پارت ڕێگرێکی سەر ڕێی شۆڕشە، چونکە دەیەوێ شتێک واوەتر لە ئامرازی پاگەندە و ڕۆشنگەری بێت؛ لەبەر ئەوەی کە بەخۆی هەستدەکات کە وەک پارت داوای لێکراوە کە رابەری و حکومەت بکات.

لە بارێکی تردا، بۆی هەیە جەماوەر پەیرەوی لە باوەڕەکانی پارت بکەن و بەڕێوەبردنی کاروبارەکان بەو بسپێرن، ڕەدوی دروشمەکان لەسەرەوە بکەون، متمانەیان بە حکومەتی نوێ هەبێ ( وەک ئالمانی ۱۹۱۸) کە کۆمونیزم بەجێ دەگەیێنیّ، بگەڕێنەوە ناو ماڵ و سەرکار. بێشک بۆرژوازی تەواوی دەسەڵاتی چینایەتی؛ هێزی دارایی، سەرچاوە گەورە مەعنەوییەکانی، هێزە ئابورییەکانی لە کارخانەکان و کۆمەڵە گەورەکاندا، کە پایەکانیان تێک نەشکێنراون بەکار دەهێنێت. لەبەرامبەر ئەمەدا، پارت حکومەتێکی لە ڕادەبەدەر لاوازە. تەنیا لەڕێگەی هاو پێکهاتن و میانەڕوی، بەرتەریدان و خۆبەدەستەوەدان دەتوانێت خۆی بهێڵێتەوە. لەو بارەدا بیانوو لەدەستدایە، کە لە ئێستادا ناتوانرێت زیاتر مسۆگەر بکرێت، کە بۆ کارگەران ئاوەزنەگیرە کە هەوڵبدەن داخوازییە لەتوانا بەدەرەکان بسەپێنن. بەپێی ئەمە پارتی بێبەش بوو لە دەسەڵاتی چینایەتی، دەگۆڕێت بە ئامرازێک بۆ مانەوەی دەسەڵاتی بۆرژوازی.

پێشتر ڕامانگەیاند کە واژەی " پارتی شۆڕشگێڕ" لە تێگەیشتنی پرۆلیتێریدا ناکۆکە. دەتوانین ئەمە بەجۆرێکی کە دەربیبڕین: لە واژەی "پارتی شۆڕشگێڕ"دا، " شۆڕشگێڕ" هەمیشە بە تێگەیشتنی شۆڕشێکی بۆرژوازی دێ. هەمیشە، کاتێک کە جەماوەر حکومەتێک لەناو دەبەن، پاشان مۆڵەت بە پارتێکی تازە دەدەن کە دەسەڵات بگرێتە دەست، شۆڕشێکی بۆرژوازیمان هەیە - جێگرتنەوەی (کاست) کابینەیەکی حکومەتی بە کابینەیەکی حکومەتی نوێ. لە پاریس ساڵی ۱۹۳۰ ئاوا بوو، کاتێک کە بۆرژوازی مالی زەمیندارەکانیان لە مەیدان وەدەرنا، سەرلەنوێ لە ساڵی ۱۹٤۸ کاتێک بۆرژوازی پیشەسازی بۆرژوازی مالی لە مەیدان وەدەرنا، سەرلەنوێ لە ۱۸۷۱ کاتێک کە پێکهاتەی بۆرژوازی گچکە و بۆرژوازی گەورە دەسەڵاتی گرتە دەست.

سەرلەنوێ لە شۆڕشی ڕوسیەدا، کاتێک کە بیروکراسی پارتی وەک کابینەیەکی حکومەتی گەیشتە دەسەڵات. بەلام، لە ئەوروپای ڕۆژئاوا و ئامریکا، بۆرژوازی لە سەنگەری دامەزراوە پیشەسازییەکان و بانکەکاندا زۆر بەهێزترە، ئاوا کە بیروکراسییەکی پارتی ناتوانێت بیانخاتەلاوە. بۆرژوازی لەم وڵاتانەدا تەنیا لە ڕێگەی کاری یەکگرتوو و بەردەوامی جەماوەر ، کە لەو ڕێگەیەوە کارخانە و کارگاکان بەدەستەوە دەگرێ و سۆڤیەتەکانی خۆی پێکدەهێنیّ، دەتوانرێت لەنێو ببرێت.

ئەوانەی کە باس لە "پارتی شۆڕشگێڕ" دەکەن، ئەنجامگەلی سنوردار و ناتەواو لە مێژوو بەدەست دێنن. کاتێک کە پارتە سۆشیالیست و کۆمونیستەکان بوونەتە ئۆرگانی حکومەتی بۆرژوازی بۆ هەمیشەییکردنی بەهرەکێشی، ئەم خەڵکە بە نیەت باش، تەنیا بە ئەنجامێک گەیشتوون کە دەبوو ئەوان کارەکەیان باشتر ئەنجام بدایە. ئەوانە ناتوانن دەستنیشانی بکەن کە شکستی ئەم پارتانە یەکسانە بە ناکۆکی بنەڕەتی نێوان خودی ڕزگاری چینی کارگەر لە ڕێگەی دەسەڵاتی خۆیەوە و ئارامکردنەوەی شۆڕش بەهۆی دەستەیەکی تازە فەرمانڕەوای خۆشەویست. ئەوان پێیانوایە کە پێشڕەوانی شۆڕشگێڕن، بۆیە جەماوەر دابڕاو و دەستەمۆ دەبینن. بەلام جەماوەر دەستەمۆیە تەنیا لەبەر ئەوەی کە هێشتا ناتوانن ڕێڕەوی خەبات و یەکێتی بەرژەوەندی چینایەتی دەرک بکەن، سەرەڕای ئەوەی کە بە شێوەیەکی سروشتی هەست بە

دەسەڵاتی فراوانی دوژمن و گەورەیی ئەرکەکانی دەکات. کاتێک کە ناکۆکی ئەوانی ناچار بە کارکردن کرد، دەست بۆ ئەرکی خۆیان ڕێکخراوەیی و گرتنەدەستی هێزی ئابوری سەرمایە، دەبەن.

- بۆ یەکەمینجار ئەم وتارە بەنێوی " Partei und Arbeiterklassen" "پارت و چینی کارگەر"، بەبێ ئیمزا لە بڵاوکراوەی "Raetekorrespondenz" " نامە یا نوسینە سۆڤیەتیەکان" لە ١٥ مارسی ١٩٣٦دا چاپکرا. دەقی وەرگێڕدراوی ئینگلیزی ئەم وتارە لە جێنیوەری ١٩٤١دا لە بڵاوکراوەی " هاوپشتی"داچاپکرا.

وەرگێڕانێکیتری ئینگلیزی ئەم وتارە لە پەرتوکی " پانە کۆک و سۆڤیەتە کارگەرییەکان " لە نوسینی بریسیانێر (چاپەمەنی تلوز، سنت لویز ١٩٧٨) لاپەڕە ٢٦١- ٢٦٧ دەست دەکەوێت.

وەرگێڕانی فارسی ئەم وتارە لەسەر وەرگێڕانی ئینگلیزی بڵاوکراوە لە " هاوپشتی" کراوە - سەرەڕای چەند جیاوازییەک بە نیسبەت وەرگێڕانی بریسیانێر. لە هەندێ لایەنەوە کە ناڕۆشنی لەم دقەدا دێتەبەرچاو، سود لە وەرگێڕانی بریسیانێر وەرگیراوە. هەڵبەتە ئەم لایەنانە زۆر کەمن.

* لەبەر ئەوەی کە ناڕۆشنی لە هەندێ پەرەگرافی ئەم وتارەدا هەیە، زۆر هەوڵمدا کە دەقی ئەم وتارە بە ئاڵمانی پەیدا بکەم، واتە ئەوەی کە لە " نامە سۆڤیەتەکان"دا لە ١٥ مارسی ١٩٣٦ بڵاوکراوەتەوە، بەڵام بەداخەوە دەستم نەکەوت.